# زانکۆ یان ژانکۆ

عومەر جەلال
omargalal2004@yahoo.com

---

گومانی تێدا نیە زانکۆ لە هەر کۆمەڵگەیەك هێمایەکە بۆ گەشەسەندی زانست و پێشقەچوونی ئاستی رۆشنبیری و دەروازەیەکە بۆ دروستکردنی مرۆڤی کارا و ئاکتیڤ,لێ ئەم پێناسەیە پێچەوانە دەبێتەوە بۆ زانکۆکانی کوردستان و کەمتەرخەمی تەواو دەبینرێت لە ئاستەکانی زانست و بەرێوەبردنی بەشێوەیەکی سیستماتیك و ستۆك بوونی تەواوی مەنهەج لە هەموو بەشەکانی زانکۆ بەدیدەکرێت.

بالأدەستی حیزب و جیاکردنەوەی زانکۆکان بەسەر دوو ئیدارەدا یەکێك بووە لە فاکتەرە نێگەتیفەکان کە بەرۆکی زانکۆی گرتووە و رۆڵی لاوازکردنی ئاستی مەعریفە بووە ,شکستی زانکۆ لێرەدا دەستپێدەکات لەسەرۆکی زانکۆوە تا نوێنەری بەشێك لەسەر بنەمای ئاستی پلەی حیزبی بووە و هەرگیز بە ئاستی پروانامە ئیش نیشکراوە

چ جای ئەوەی دونیایەك ماستەرو دکتۆرا وەك شیرنی دابەش دەکرا لەسەر ئاستی حیزب و بەسیاسیکردنی دامەزراوەیەکی مەعریفی وەك زانکۆ,کە هەنووکە دەرئەنجامەکانی دەبینین چ جۆرە بەرهەمێکی دەبێت,چ چاوەروانبکرێت لە زانکۆ کە ئەوەندەی ئیش لەسەر حیزب دەکات نیوهێندە ئیش لە سەر فراوانکردنی پرۆسەی فێرکردن و دروستکردنی تاك ناکات .لە کاتێك دا کە ئەمرۆ کۆمەڵگەی کوردی زیاتر لە هەموو کاتێك پێویستی بە نەوەیەکی رۆشنفکرو مۆدێرن هەیە بۆ هەستانەوەی ئەو قەیرانەی کە ئەمرۆ لە کوردستان دەبینرێت,لە گەندەڵیەوە تادەگاتە ئەو ناعەدالەتییەی کە بەئاشکرا دەبینرێت و دەستی ناوەتە بینا قاقای خەونی تاکی کۆمەڵگەی کوردی.

زانکۆ لە کوردستان لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا

لەسەردەمی رژێمی بەعسدا شوێنی خەباتی نهێنی وبلاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و سەرهەڵدانی گەنجی خاوەن ئیرادەو چالاك لە بواری ئیشکردنی نەتەوەیی,ئەفسووس هەنووکە بووەتە بارەگایی حیزبیی و لە کاتێکدا گرنگ نیە حیزب ماڵی بێنێتە ناو حەرەمی زانکۆوە.

دەبایا زانکۆ لەهەوڵی گۆرینی ئەو پرۆگرامە وێرانەیە بووایە کە توانایی قوتابیی دەکوژێت و باکگراوندە مەعریفیەکەیشی لێ وەردەگرێتەوە,زانکۆ وا بکات بتوانێت بەرهەمێکی هەبێت کە دەستی هەبێت لە گۆرانی کۆمەڵگەو پلانی هەبێت بۆ چارەسەری گرفتەکان,ئەمەش هێندەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و زانکۆ هێندەش لە ئەستۆی قوتابیە کەهەڵگری ستیەکی بێئەندازەیە,ئەمە ناکاتە ئەوەی قوتابی نەیتوانیووە خاوەن مانیفێستێکی مەعریفی بێت,گرنگە ئەمرۆ زانکۆ سوود وەربگرێت لە ئەو مامۆستا و دکتۆرانەی کە بە مەبەستی خزمەت لە ئەوروپاوە دێنەوە و دەیانەوێت زانست و فیکری ئەوروپا بگواستنەوە بۆ زانکۆ رێگایان پێبدرێت و پێداویستیەکانیان فەراهەم بکرێت,ئەمەش لە خزمەتی زانکۆ و گەشەکردنی دەبێت, فاکتەرێکی دی لەو گرنگیەی کە زانکۆ دەبایا فەرامۆشی نەکردایە ئاهەنگی ماڵاوایی قوتابیە کە چەند ساڵێکە بەبیانوویی کاری تیرۆریەوە بەشێوەیەکی ناسیستەمانە بەرێوەی دەبات ,وا لە قوتابی دەکات قێز لەو رۆژە بکاتەوە کە کۆتایی دێ بە ژیانی زانکۆ,ئەمەش یەکسانە بەوەی کە زانکۆ ئیش دەکات بۆ خودی خۆی نەك قوتابیی.ئەگەر دەسەڵات بەوە پێناسە بکەین کە هەنگاوی کیسەڵانە دەنێت بۆ گۆرینی سیستەمی خوێندن ناکەوینە هەڵەوە بەئەندازەی ئەوەی زانکۆ لە بەردەم قەیرانی سیستەمی نوێبوونەوەدایە.

پێویستمان بە پەنجەرەیەکە بۆ تێروانین لە سەردەمی گلۆبالیزەیشن و پۆست مۆدێرنێتە کە ئەرکی زانکۆیە ئامادەگی ئەوەی هەبێت داوا بکات لە دەسەڵات رێژەیەکی زۆر لە قوتابی بنێردرێتە دەرەوەی وولآت بۆ دروستکردنی رێگا چارەیەك لەو

تەنگەژەی زانكۆی تێكەوتووە,ئەمەش بەوە ناكرێت كە تەنیا ئەندامی حیزبەكان بگرێتەوە وەك دەبینین زۆر كات جیاوازیەكی گەورە دەكرێت, كەبەزیانی زانكۆ كۆتایەی دێت.

زانكۆكانی جیهان شوێن دەستیان دیارە لە مێژووی فراوانكردنی زانست و فەلسەفە كەڕۆڵی سەرەكی هەبووە لە ژیانی تاك دا ,هەروەها گەورە نووسەران وبیرمەندانی ئەوروپا لە زانكۆكانەوە سەریان هەڵداوە ,لێ زانكۆكانی ئێمە نەیانتوانیووە نووسەرێك بەرهەم بێنێت بەئەندازەی ئەوەی ئیش لەسەر كوشتنی ڕۆشنبیری دەكات,ڕۆشنبیران لە كولتووری كوردی دا لە دەرەوەی زانكۆ درووست دەبێت و پێدەگات,ئەمەش دەكاتە ئەوەی كە زانكۆ لە دۆخێكی لاوازدا دەژێت و پێویستیەكی هەنووكەییە كە گۆران لە هەموو خاڵە نێگەتیفەكان دا بكات,ئەمەش تەنیا بە خودی زانكۆ ناكرێت و بە هەماهەنگی دەسەڵات وقوتابی دەكرێت,زانكۆ دەبێت ئایدیۆلۆژیای حیزب و دەستی حیزب لە سێنتەری دوور كاتەوە و سەربەخۆیانە بریاردەركات و بەردەوام بێت لە بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبری وزانست دا.

نەگبەتی زانكۆكان لەكوردستان لەوەدایە ئەوەندەی گرنگی دەدەن بە ئەو مەنهەجە لاوازە نیو هێندە گرنگی نادەن بە گۆڕان لە سیستەمدا, تۆ كە مەنهەجێكی كۆنی سەردەمی بەعس لە زانكۆ دا بلاّدەكەیتەوە ,واتە بەرهەمێكی بەعسیانەت دەبێت,پاش پازدە ساڵ زانكۆ نەتوانێت مەنهەجێكی پتەو دابنێت ,دەبێت چەند ساڵی دیكەی بوێت,ڕاستە شەڕی ناوخۆ و دابەش بوونی زانكۆ و باروودۆخی نالەبار وگەندەڵی رێگربووە لە پێشكەوتن ,بەلاّم زاكۆ هەمیشە بەشدار بووە لەو كارەساتەنە و نەیتوانیووە دووربێت لەكاتێكدا زانكۆ دەبایە ڕۆڵی پۆزەتیفی هەبووایە.

ناكرێت بلّێین بە ڕەهایی زانكۆ هیچ خزمەتی قوتابیی نەكردووە, چ لە ڕووی مادی و لۆجستیكیەوە یارمەتی قوتابیی داوە هەر لە كردنەوەی بەشی ناوخۆیی نوێ و زیاد كردنی دەرماڵە و كەمكردنەوەی (قبول خاس) ,ئەمانە جێگای دڵخۆشیە و گومانیی تێدا نیە.

كردنەوەی زانكۆی ئەمەریكی و زانكۆی كوردستان هەنگاوێكی گەورەیە لەمێژووی زانكۆكانی كوردستان دا,بەلاّم هەر گرنگ كردنەوەی ئەم زانكۆیانە نیە ,ئایا چ گرەنتیەك هەیە كە حیزب ئەم جۆرە زانكۆیانەش داگیر نەكات و بەدەردی زانكۆكانی دی نەبات؟